حکوومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

# پلانی ستراتیژی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ٢٠١٣-٢٠٢٠

## ((بنەماکان و پێناسەکان))

وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی

ئەیلول ٢٠١٢

# پێرست


| | | |
|---|---|---|
| | پێشەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم: | ئامانجەکان و سیاسەتەکان | ٨ |
| بەشی دووەم: | هێنانەکایەی ژینگەیەکی یاسایی لە کەرتە بازرگانی و پیشەسازییەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان | ١٢ |
| بەشی سێیەم: | بەرزکردنەوەی توانا مرۆیی یەکان لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی بە شێوازێکی سەردەمی و پەرەپێدانی بەردەوام | ١٥ |
| بەشی چوارەم: | ئامادەکردنی ژێرخانێکی بازرگانی و پیشەسازی بەرفراوان و بەردەوام | ٢٢ |
| بەشی پێنجەم: | ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانی یەکان و پاڵپشتی لە پەیوەندییە بازرگانییە دەرەکییەکان | ٣٨ |
| بەشی شەشەم: | بەشداری کردن لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئاسایشی خۆراك بە پێی ستراتیژیەتی هەرێم | ٤٢ |
| بەشی حەوتەم: | خشتەی کاتی جێبەجی کردنی بەرنامەکان | ٤٥ |
| | بەرنامەکانی ئامانجی یەکەم | ٤٦ |
| | بەرنامەکانی ئامانجی دووەم | ٤٧ |
| | بەرنامەکانی ئامانجی سێیەم | ٥٣ |
| | بەرنامەکانی ئامانجی چوارەم | ٦١ |
| | بەرنامەکانی ئامانجی پێنجەم | ٦٣ |
| بەشی هەشتەم | ئامارە سەرەکییەکان | ٦٤ |

## پیشەکی

**ستراتیژی ووشەیەکی یۆنانی کۆنە بە واتای نەخشەی ڕێگا وە بریتییە لە تویژینەوەی دەرچەکان وە ڕێگاکانی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاری کراو . ئەم پلانە ستراتیژییە لەسەر بنەمای ئامانجی سەرەکی دیاری کراوی وەزارەت داڕێژراوە کە بریتییە لە زیادکردنی پشکی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی لە داهاتی گشتی خۆماڵی کە ئێستا ڕێژەیەکی نزمە .**

**بە شێوەیەکی گشتی مێژووی هەرێم وعێراق وا دەردەخات کە دوو خالی سەرەکی بۆ ماوەی نزیکەی نیو سەدە کاریگەریان بووە لە سەر بارودۆخی ئابووری هەرێم کە بریتینە لە زۆر بوونی شەر وەکو هۆکاری سەرەکی بۆ رووخانی ژێرخانی  ئابووری هەرێم وە سیاسەتی ئابووری ئیشتراکی پەیرەوکراو لەلایەن رژێمی پێشوو بە شێوەیەکی گشتی لە عێراق وهەرێمی کوردستان .**

**دوای رووخانی رژێمی پێشوو قۆناغێکی نویٚ هاتە کایەوە و سیاسەتێکی لە هەرێم هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی ئەمرۆی جیهان وجیهان گەرایی پەیرەو دەکرێت . بنیات نانی ژێرخانێکی نوێ و پەرەپێدانی لەلایەن سەرجەم کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەتا ئێستا بە گرنگی بەرچاو گیراوە وبۆ ئەم مەبەستە هەنگاوێکی گەورەیان هاویشتووە و هەنگاوێکی زۆریشیان ماوە . هاوکات دەست کراوە بە جیٚ بەجیٚ کردنی سیاسەتێکی ئابووری نویٚ کە زۆر جیاوازە لەگەڵ رژیمەکانی رابردوو کە بریتیە لە پەیرەوکردنی سیاسەتی ئابووری ئازاد لەسەر بنەمای گرنگی دان بە کەرتی تایبەت وە بازاڕی کراوە .**

**پەیرەوکردنی ئەم سیاسەتە هۆکارێکە بۆ گەشەی بەرچاو لە قەبارەی بازرگانی و ئالۆگۆڕی بازرگانی لە نێوان هەرێم و ولاٚتانی تر . بەلاٚم زۆربەی ئەم ئالوگۆرە بە یەك ئاراستە رویشتووە کە زیاد بوونی قەبارەی هەموو جۆرە کەل وپەلی هاوردەیە بۆ دابین کردنی پێداویستەکانی هەرێم .**

**جگە لە بەرهەمە نەوتیەکان ڕێژەی هاوردە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی هەناردە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە . بۆ نموونە بەهای هاوردە بۆ هەرێمی کوردستان لە سالی ٢٠١٠ نزیکەی (١١) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە لە بەرامبەر بەهای هاوردە ( بەدەر لە بەرهەمە نەوتیەکان ) کە لە هەمان ساڵ تەنها (٩٠) ملیون دۆلار بووە ، ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە بە نەبوونی هاوسەنگی نێوان هاوردە و هەناردە ، بە جۆرێك ریژەی هاوردەی هەرێم لە سالی ٢٠١٠ نزیکەی (٩٩,٢٪) بووە بەرامبەر بە (٠,٨٪) ڕێژەی هەناردە[١] .**

---

[1]: *زانیارییەکانی سەبارەت بە بڕی هاوردە و هەناردە لە خشتەکانی ئالۆگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و ولاتانی تر وەرگیراوە کە لە ماڵپەری ڕێکخراوی* **International Trade Center** *بە نیشانی* **www. Intracen.org**

ئەم دوو ڕێژەیە ئەو ڕاستییە پیشان دەدات کە ئابووری هەرێم لە بارودۆخێکی مەترسیدار تێدەپەرێت بە جۆرێك کە هەناردە نەوتیەکان بووە تەنها سەرچاوەی سەرەکی دابین کردنی داهاتی وولات وە ئەگەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت لەماوەیەکی درێژ خایەن مەترسیەکان لە سەر ئابووری هەرێم زۆرتر دەبێت .

لە لایەکی تر ، سیاسەتی ئابووری هەرێم وایکردووە کەرتی تایبەت ڕۆڵی خۆی ببینێت لە دابین کردنی پێداویستیەکانی بازاڕ لە ڕێگای دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی و زیادکردنی بەرهەم هێنانی ناوخۆیی و جموجۆلی بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکی وە هاوردەکردنی کەل و پەل .

ژمارەی کۆمپانیاکانی تۆمار کراو لە هەرێم لە ماوەی ئەم چەند سالە بە شیوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە . بە پیێ ئامارەکان لە کۆتایی سالی ٢٠١١ بە گشتی ( ١٣,٣٩٦ ) کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە کە (١١,٦١٥) ی کۆمپانیای خۆمالی و ( ١,٧٨١) ی کۆمپانیای بیانییە[١] . بەشیوەیەکی گشتی زۆربەی کۆمپانیاکان بە پلەی یەکەم لە بواری بازرگانی کاردەکەن بە تایبەت کۆمپانیا بیانیەکان وە لە پلەی دووەم لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە بەلێندەرایەتی وبیناسازی وە لە پلەی سێیەم لە بواری گەشت وگوزار ولە پلەی چوارەم لە بواری پیشەسازی .

پێداچوونەوەی داهاتی گشتی بەرهەمی خۆمالی (GDP)[٢] لە هەرێم دیاری دەخات کەئەم داهاتە لە کەرتی بەرهەم هێنان لە سالّی ٢٠٠٨ نزیکەی (٢,١) ملیار دۆلاری ئەمریکی بووە لە سالی ٢٠٠٩ ئەم بڕە زیادی کردووە بۆ (٢,٣) ملیار دۆلاری ئەمریکی و لە سالّی ٢٠١٠ گەیشتووە بە نزیکەی (٢,٦) دۆلاری ئەمریکی . کەرتی بەرهەم هێنان لە سالی ٢٠١٠ نزیکەی ١٣٪ داهاتی گشتی بەرهەمی خۆمالی (GDP) لە هەرێمی کوردستان پێک دەهێنرێت[٣] .

داهاتی گشتی بەرهەمی خۆمالّی (GDP) لەکەرتی بازرگانی لە سالّی ٢٠٠٨ نزیکەی (١,٩) ملیار دۆلاری ئەمریکی ، لە سالّی ٢٠٠٩ دەوروبەری (١,٦) ملیار دۆلاری ئەمریکی و لە سالّی ٢٠١٠ نزیکی (٢,٣) ملیار دۆلاری ئەمریکی بەراورد کراوە . کەرتی بازرگانی لە سالی ٢٠١٠ نزیکەی ١١٪ داهاتی گشتی بەرهەمی خۆمالی (GDP) لە هەرێمی کوردستان پێک دەهێنرێت[٤] .

---

[1]: *ڕاپۆرتی چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە سالّی ٢٠١١*

[2]: *داهاتی گشتی بەرهەمی خۆمالی (Gross Domestic Products)*

[3]: *کورتەیەك لە چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە سالی ٢٠١٠*

[4]: *کورتەیەك لە چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە سالی ٢٠١٠*

ژمارەی گارگەکان لە کۆتایی سالی ٢٠١١ بە گشتی  (٢٥٣٤) کارگە بووە کە بە سەرمایەی زۆرتر لە (٢,١) ملیار دۆلاری ئەمریکی دامەزراون و نزیکەی (٢١٥٠٠) هەلی کاریان دابین کردووە[1]. جگە لەم ژمارە کارگەکان کە لە قوناغی بەرهەم هێنان دان ، ژمارەی زۆری مۆلەت بۆ دامەزراندنی کارگە دەرچووە بەلاَم بە قۆناغی بەرهەمهێنان نەگەیشتوونە. هۆکاری سەرەکی دەگەرێتەوە بۆ کەم بوونی زەوی پێویست بۆ دامەزراندنی کارگەکانی نویٚ و جیٚ بە جیٚ کردنی پرۆژەکانی مۆلەت پێدراو .

ئاستی توانای بەرهەم هێنانی کارگەکانی دامەزراو بە پێی پێداویستیەکانی بازاڕی ناوخۆ نییە. ئەمە بەدەر لەکارگەکانی بەرهەم هێنانی کەرەستەی بیناسازییە کە توانیویانە پێداویستیەکانی بازاڕ بۆ بەشیک لە کەل وپەلی بیناسازی دابین بکەن.

تویژینەوەی ژمارەی کارگەکان و ژمارەی داواکاری بۆ دامەزراندنی کارگە ، دیارخەری ئەو ڕاستییەیە کە هەولێکی زۆر دەدرێت بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کەرتی پیشەسازی ، بەلاَم لە بەرامبەر ئەوەدا زۆر ئاستەنگ هەیە کە دەبێت کاربکرێت بۆ لابردنیان بە مەبەستی پێشخستنی کەرتی پیشەسازی . پێویستە دەست بکرێت بە تویژینەوەی چۆنییەتی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە و دانانی ئەم پلانە ستراتیژیە دابینکەری ئەم ئامانجەیە.

ئاشکرایە لە بەر دوو هۆکاری سەرەکی بەرهەمی خۆمالی توانای کێبرکیٚ بەرهەمی هاوردەی نییە ، ئەوانیش بریتین لە بەرزبوونی ئاستی جۆرییەتی بەرهەمی هاوردە , وە بەرزبوونی نرخی تەواوبووی بەرهەمی خۆماڵی بەرامبەر بەرهەمی هاوردە . لەلایەکی ترەوە پێشخستنی کەرتی پیشەسازی و دامەزراندنی ئەو کارگانەی کە بتوانن کێبرکیٚ لەگەڵ بەرهەمە بیانیەکان بکەن پێویستی بە رەخساندنی ژینگەیەکی پیشەسازی وە ڕێنمایی کردن و یارمەتیدانی کەرتی تایبەت هەیە.

گۆرینی سیستەمی ئیشتراکی بۆ سیستەمی ئابووری بازاڕ کاریگەریەکی بەرچاوی هەبووە لەسەر بارودۆخی ئیستای پیشەسازی لە هەرێم ، بۆیە پێویستمان  بە گۆڕانکاری لە ڕێککارەکان , یاساکان وە ئاراستەی بیرکردنەوەی کۆمەلایەتی هاووڵاتیان هەیە . بۆ تێپەربوون لەم قۆناغە پێویستیمان بە وەرگرتنی ڕێکارەکانی گونجاو و دەرکردنی بڕیارەکانی راست هەیە کە دەبێت بە تویژینەوە و شیکردنەوە ئەنجام بدرێت . دەرکردنی هەر جۆرە بریارێك بە بیٚ رەچاوگرتنی بارودۆخی ئێستاو تواناکانمان و ئامانجەکانمان بەدی ناهێنێت  . بۆ نموونە وەزارەت میراتگری هەندێك کارگە بووە کە کەلکی ئابوورییەکان نەبووە و نییە ، وە بەم هۆیە بەپێی سیاسەتی ئێستای حکومەتی هەرێم بەبیٚ تویژینەوەیەکی گونجاو بەکریٚ دراوە بە کەرتی تایبەت کە بووەتە هۆی ئەوەی ئەو ئامانجە بەدەست نەهێنن کەلەسەرەتا بۆی دامەزراون .

---

[1] : *راپۆرتی چالاکییەکانی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە  سالّی ٢٠١١*

بەپێی زانیارییەکان و توێژینەوەکانی بەردەست بودجەی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە هەناردەکردنی نەوت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکردنی داهات . زیاتر لە ٩٠٪ بودجەی عێراق لە داهاتی نەوت دابین دەکرێ و پشکی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی لەگەڵ کەرتەکانی تری ئابووری لە دابین کردنی بودجە کەمتر لە ١٠٪ە[1]. ئەم ڕێژەیە دیارخەری بارودۆخێکی نەگونجاوە و پێویستە کاربکرێت بۆ گۆڕینی ئەم ڕێژەیە و زیادکردنی بەشی کەرتەکانی تر لە بودجە بە بەراورد لەگەڵ کەرتی نەوت .

ناتوانرێت بە بەردەوامی پشت بە داهاتی نەوت ببسترێت لە بەر ئەوەی گۆرانکاری لە بارودۆخی  ئابووری جیهان و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی نوێ ووزە کە کاریگەریەکی بە هێزی هەیە لە سەر دوارۆژی نرخی نەوت و دەبێتە هۆی دابەزینی داهاتی نیشتمانی . هەروەها کەم بوونی بەرهەمی ناوخۆ وادەکات کە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان پشت بە هاوردە ببەسترێت کە هۆکارێکە بۆ لاواز بوون لە رووی سیاسی وئابووری بە تایبەت لە کاتی دروست بوونی کێشە سیاسیەکان .

یەکیك لەو ئامانجانەی کە وەزارەتمان هەوڵی بۆ دەدات توێژینەوەی ڕێگاکانی زیادکردنی پشکی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی لە داهاتی گشتی بەرهەمی خۆماڵی ( GDP )کە نزیکەی ٢٤٪ بووە لە ساڵی ٢٠١١ بگاتە ٣٥٪ لە ساڵی ٢٠٢٠.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی دیاریکراو لەم پلانە ، دەبێت ئەو ڕاستییە ڕەچاو بکرێت کە گەشەپێدانی یەك یان دوو کەرتی ئابووری بەبێ گەشەپێدانی کەرتەکانی تر ناکرێت ، کەرتەکانی ئابووری پشت بەیەك دەبەستن و پەیوەندی پتەو لە نێوانیان هەیە .

ئەگەرچی بەرنامەکانی ئەم پلانە لەسەر کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی دانراوە بەلاَم بەشێك لە بەرنامەکانی پەیوەندی بە کەرتەکانی تر هەیە بە مەبەستی ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەبار بۆ پێشخستنی ئەم دوو کەرتە .

بۆ نموونە، بەبێ هەبوونی ژینگەیەکی یاسایی تەواو وەك بنەمایەکی گونجاو  بۆ پێشخستنی کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی ، وە پاراستنی بەرژەوەندی ئەو کەسانەی کە لەم دوو کەرتە کار دەکەن گەشەپێدانی مەبەست ڕێگای ڕاستی خۆی وەرناگرێت .

هاوکات دابینکردنی هێزی کاری لێهاتوو بۆ ئەم دوو کەرتە پەیوەندی بە وەزارەتەکانی پەروەردە ، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی هەیە، دابینکردنی ئەم هێزی کارە بەبێ دروست کردنی قوتابخانە و پەیمانگا تەکنیکی و پیشەییەکان دەستەبەرناکرێت ، وە ئەم هێزە کارانە پێویستیان بە هەبوونی سیستەمێکی دڵنیایی کۆمەلاَیەتی چالاك هەیە بەمەبەستی پاراستنی بەرژەوەندیمان .

---

[1] : *ووردەکاری بودجەی ساڵی ٢٠١٢ عێراق وە* *https://www.cia.gov/library/publications/the-world-factbook/geos/iz.html*

دانانی ژێرخانێکی گونجاو وەکو بنەمایەك بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی پێویستی بە هۆکاری جۆراو جۆر هەیە بۆ نموونە توانای بەرەوپێش بردنی پیشەسازی بە بێ دابینکردنی ووزەی کارەبای پێویست بەمەبەستی بەگەرخستنی کارگەکان ناکرێت ، کە دەبێت بە نرخێکی گونجاو پێیان بدرێت بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانای کێبڕکێیان لەگەڵ بەرهەمی بیانی ، یان توانای گەشەپێدانی پیشەسازی خۆراك نییە بەبێ هەبوونی سیستەمێکی کشتوکاڵی کە بتوانێت کەرەستەی خاوی ئەم کەرتە پیشەسازییە دابین بکات .

ئەم پلانە گرینگی و وورد بوونەوە دەدات بە گەشەپێدانی کەرتی پیشەسازی بەرامبەر بە کەرتی بازرگانی ، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەرتی بازرگانی لە هەرێم یەك لایەنە گەشەی کردووە بە ئاراستەی هاوردە . بەڵام پەرەپێدانی پیشەسازی ناوخۆ و دروستکردنی پیشەسازییەکی بەهێز دەتوانێت هاوسەنگی ئابووری لە کەرتی بازرگانی بهێنێتە ئاراوە بە زیادکردنی بڕی هەناردە .

زیاتر لەوە ئەم پلانە ئاماژە دەکات بە بەشێك لە پێکهێنەرە گرنگەکانی کەرتی بازرگانی کە پەیوەندیدارە بە گەشەپێدانی ئەم کەرتە ، هاوکات بەرنامە دانراوە بۆ دابینکردنی سیاسەتی ئاسایشی خۆراك بە ڕێگای دروستکردنی سایلۆکان بۆ دڵنیابوون لە پاشەکەوت کردنی پێداویستییەکانی هەرێم لە بەرهەمە خۆراکییە سەرەکییەکان .

شایانی ئاماژە پێکردنە ئەم پلانە ستراتیژییە لەلایەن شارەزایانی وەزارەتمان و لەسەر زانیارییەکانی بەردەست ئامادە کراوە و جێ بەجێ کردنی بەرنامەکانی پێشنیارکراوی ئەم پلانە ٨ ساڵ دەخایەنێت لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٣ تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ .

بۆ داڕشتنی پلانێکی ستراتیژی تەواو و بەبێ کەم و کوڕی ، پێویستی بە هەبوونی ئەو زانیارییانە هەیە کەبەلای حکومەت نییە وە ڕووپێو و توێژینەوە و شیکردنەوەی زیاتری لەلایەن پسپۆڕانی ئابووری و پسپۆڕەکانی تایبەت بەم بوارە دەبێت ئەنجام بدرێت کە ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و ئەمەش پێویستی بە هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکانی پەیوەندیدار هەیە .

بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەند کردنی ئەم پلانە و گەشەپێدان و رێکاری تەواو بۆ پێشخستنی کەرتی پیشەسازی بە پێویستی دەزانین سوود وەربگیرێت لە کۆمپانیاکانی بیانی پسپۆڕ لەم بوارەدا ، بۆ ئەمەش گرنگە بۆ ساڵانی داهاتوو بودجەی پێویست بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی پەیوەندیدار .

**وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی**

**ئەیلولی ٢٠١٢**

بەشی یەکەم :

# ئامانجەکان و سیاسەتەکان

## دیدگا

**بەرەو گەشە پێدانی بەردەوامی ئابوری نیشتمانی بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان**

## پەیام

*بەرزکردنی پشکی بەشداربوون لە داهاتی نیشتمانی و ئامادەکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ وەبەرهێنان و فراوانکردنی رۆڵی کەرتی تایبەت لە هەرێم لە رێگای بەرێوەبردن بە شێوەیەکی لێهاتوو و چالاك و بەهێزکردن و گەشە پێدانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تر و دارشتن و نوێکردنەوەی یاساو رامیاری و رێنماییەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانی و پیشەسازی.*

## ئامانجە ستراتیژییەکان:-

١- هێنانەکایەی ژینگەیەکی یاسایی لە کەرتە بازرگانی و پیشەسازییەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

٢- بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی بە شێوازێکی سەردەمی و پەرەپێدانی بەردەوام.

٣- ئامادەکردنی ژێرخانێکی بازرگانی و پیشەسازی بەرفراوان و بەردەوام.

٤- رێکخستنی چالاکییە بازرگانییەکان و پاڵپشتی لە پەیوەندییە بازرگانییە دەرەکییەکان.

٥- بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاسایشی خۆراك بە پێی ستراتیژیەتی هەرێم.

# سیاسەتەکان

## (( سیاسەتی ئامانجی یەکەم ))

### هێنانەکایەی ژینگەیەکی یاسایی لە کەرتە بازرگانی و پیشەسازییەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان

1-1 کارکردن بۆ دارِشتن یان هەمووارکردنی یاساکانی پەیوەندیدار بە بازرگانی و پیشەسازی کە بگونجێت لەگەڵ ئاراستەی ئابووری ئیستای هەرێم

1-2 هێنانەکایەی بنەمایەکی یاسایی بۆ پاراستنی مافی کرێکاران لە کەرتی تایبەت.

## (( سیاسەتی ئامانجی دووەم ))

### بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی بە شێوازێکی سەردەمی و پەرەپێدانی بەردەوام

2-1 بەرزکردنەوەی لێهاتوویی فەرمانبەران لە دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازی یەکان بەمەبەستی باشترکردنی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاوولاتیان.

2-2 بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی تەکنیکی فەرمانبەران لە کارگەکان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان.

## (( سیاسەتی ئامانجی سێیەم ))

### ئامادەکردنی ژێرخانێکی بازرگانی و پیشەسازی بەرفراوان و بەردەوام

3-1 سوودوەرگرتن بە شێوەیەکی باش لە سەرچاوە سروشتی یەکانی هەرێمی کوردستان.

3-2 دانانی پلانێك بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی.

3-3 دابینکردنی دەرفەتی کار لە کەرتە بازرگانی و پیشەسازی یەکان.

3-4 رِەخساندنی ژێرخانێکی گشتگیر و گونجاو بۆ وەبەرهێنان.

٣-٥ هێنانەکایەی داتابەیسی ( بازرگانی و پیشەسازی ) بۆ گەیاندنی بەلایەنی پەیوەندیدار بەشێوەیەکی ئاسان.

٣-٦ رێکخستن و بەڕێوەبردنی کارە بازرگانی یەکان لەلایەن کەسانێکی شارەزا لەم بوارەدا.

٣-٧ دانانی ئاراستەیەکی پێناسەی گومرگی کراوە و کەم کردنەوەی جیاکارییەکان.

٣-٨ بەهێزکردنی ڕۆڵی دەزگاکانی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری.

٣-٩ پێشخستنی هۆکارەکان بۆ زیادکردنی هەناردە و پاڵپشتی کردن لە هەناردەکاران.

٣-١٠ دامەزراندنی ناوچە ئابوورییە تایبەتییەکان.

٣-١١ بەهێزکردن و زیادکردنی توانای کێبڕکێ بۆ بەرهەمە خۆماڵیەکان.

٣-١٢ بەتایبەتکردنی دامەزراوە بازرگانی و بەرهەمهێنەرەکانی پەیوەندیدار بە وەزارەت.

٣-١٣ دانانی رەوتێکی نوێ بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیاکان بە شێوازێکی سەردەم.

## (( سیاسەتی ئامانجی چوارەم ))

## ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانی یەکان و پاڵپشتی لە پەیوەندییە بازرگانییە دەرەکییەکان

٤-١ دامەزراندنی کۆمپانیا هاوپشکی یەکان.

٤-٢ هەڵسان بە ئەنجامدانی ڕێکەوتن نامەی بازرگانی لەگەڵ وولاتانی بیانی.

٤-٣ بەکارخستنی هۆکارە سەردەمی یەکان لە وەبازارخستن.

٤-٤ کاراکردنی ڕۆڵی بازاڕی پشکە دارایی یەکان (بۆرصە).

## (( سیاسەتی ئامانجی پێنجەم ))

## بەشداری کردن لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی ئاسایشی خۆراك بە پێی ستراتیژیەتی هەرێم

٥-١ دابینکردنی توانای عەمبارکردنی کەلوپەلی خۆراکی ستراتیژی.

٥-٢ عەمبارکردنی ئەو کەلوپەلانەی کە خێرا تێکدەچن.

**بەشی دووەم :**

***بەرنامەکان وسیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە ئامانجی یەکەم***

# هێنانەکایەی ژینگەیەکی یاسایی لە کەرتە بازرگانی و پیشەسازییەکان بە پێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان.

## ١) كاركردن بۆ داڕشتن یان هەمواركردنی یاساكانی پەیوەندیدار بە بازرگانی و پیشەسازی كە بگونجێت لەگەڵ ئاراستەی ئابووری ئیستای هەرێم.

زۆربەی یاسا رێنماییەكانی پەیوەندیدار بە چالاكییە بازرگانییەكان و پیشەسازییەكان كە لە ساڵانی رابردوو دارێژراوە لەگەڵ ئاراستەی ئێستای ئابووری ناگونجێت و دەبێت دابرێژرێت یان هەموار بكرێت بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ ئاراستەی ئابووری ئیستا .

### ١-١ یاسای ناوچە پیشەسازی رێكخراوەكان

بۆ ئامادەكردنی زەوی و ژێرخانی پێویست بۆ دامەزراندنی ناوچەپیشەسازییەكان و پەرەپێدانیان .

### ١-٢ یاسای پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی

بۆ پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و گەشەپێدانی لە ڕێگای دیاریكردن ، راست كردنەوە ، چەسپاندن و چاودێری نرخی هەمووجۆرە كەل وپەل و خزمەتگوزاری هاوردە و هاوسەنگ كردنی نرخ وچۆنییەتیان لەگەڵ بەرهەمی خۆمالی ئەم یاسایە دەبێت هەندێك رێككارە یاساییەكان وەكو شكاندنی نرخ لە بازاڕ (اغراق) دڵنیایی پیشەسازی لە خۆ بگرێتەوە .

### ١-٣ یاسای بریكار و نوێنەرە بازرگانی و پیشەسازییەكان

بەمەبەستی دانانی مەرجەكان و رێككارە یاساییەكان بۆ وەرگرتنی بریكار و نوێنەرایەتی لە چالاكییەكانی بازرگانی و پیشەسازی .

### ١-٤ یاسای پێشانگا بازرگانییەكان

یاسای پێویست بۆ دامەزراندن ، بەرێوەبردن و چۆنییەتی بەشداری كردن لە پێشانگا بازرگانییەكان .

### ١-٥ یاسای نیشانە بازرگانییەكان

بۆ پاراستنی مافی وەبەرهێنەر و بازرگانەكان لە ڕێگای تۆماركردنی نیشانە بازرگانییەكان .

### ١-٦ یاسای تۆماركردنی داهێنان و نموونە پیشەسازییەكان

بۆ پاراستنی مافی داهێنەر وە بەرهەمی نوێ ی پیشەسازی .

### ١-٧ یاسای بازرگانی

بۆ پێناسەی بنەماكانی پەیوەندیدار بە ئالۆگۆڕە بازرگانییەكان و داڕشتنی ڕێككارەكانی تایبەتی پەیوەندیدار بە چالاكییە بازرگانییەكان .

### ١-٨ یاسای هاوردە و هەناردە

بەمەبەستی ڕێکخستنی مەرجەکانی پێویست بۆ پێدانی مۆلەت بۆ هاوردە و هەناردە و شێوازی دیاریکردنی باجەکانی پەیوەندیدار و چۆنییەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ئاسان کردنی پرۆسەی هاوردەکردن و هەناردەکردن .

### ١-٩ یاسای کێبڕکێ و ڕێگرتن لە قۆرخ کردن

بۆ دڵنیابوون لە ئازادبوونی کێبڕکێ و ڕێگەگرتن لە قۆرخ کردنی کەل و پەل لە بازاڕ .

### ١-١٠ یاسای ناوچە ئابووریە تایبەتەکان

بۆ دامەزراندن ، بەڕێوەبردن و جۆری چالاکییەکان و مەرجەکانی پەیوەندیدار بە ناوچە ئابوورییە تایبەتەکان وەکو ناوچەی بازرگانی ئازاد ، ناوچەی پیشەسازی ئازاد ، ناوچەی خزمەتگوزاری ئازاد و ... هتد .

### ١-١١ یاسای بازاڕی کاغەزە داراییەکان

بۆ دانانی چۆنییەتی بەڕێوەبردن و مەرجەکانی پێویست بۆ بەشداری کردنی دامەزراوە ئابوورییەکان لەم بازاڕەدا .

## ***٢ ) هێنانەکایەی بنەمایەکی یاسایی بۆ پاراستنی مافی کرێکاران لە کەرتی تایبەت.***

داڕشتن یان هەموارکردنی کۆمەڵە یاسایەك هەتا بتوانێت هاندەری هێزی کار بێت بۆ کارکردن لە دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لە ڕێگای باشتر کردنی بژێوی ژیانی کرێکارانی کەرتی تایبەت و پاراستنی مافەکانیان و داهاتوویان .

### ٢-١ یاسای دڵنیایی تەندروستی

### ٢-٢ یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی

### ٢-٣ یاسای سەندیکاکان

### ٢-٤ یاسای کار

## بەشی سێیەم :

*بەرنامەکان وسیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە ئاما نجی دووەم*

# بەرزکردنەوەی توانا مرۆییەکان لە بوارەکانی بازرگانی و پیشەسازی بە شێوازێکی سەردەمی و پەرە پێدانی بەردەوام.

**١) بەرزکردنەوەی لێهاتوویی فەرمانبەران لە دامەزراوە بازرگانی و پیشەسازی یەکان بەمەبەستی باشترکردنی ئاستی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان.**

**١- پێداچوونەوەی ئەرکەکانی وەزارەت بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ ئەم پلانە پێشنیار کراوە .**

بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم پلانە بە باشترین شێوە ، پێویستە گۆڕانکاری لە ئەرکەکانی وەزارەت بکرێت .

**١-١ هەموارکردنی هەرەمی کارگێری وەزارەت بە گوێرەی ئەم پلانە پێشنیار کراوە و دیارکردنی ڕاژەی فەرمانبەران و پێناسەی کار بۆ هەر یەکێکیان .**

**٢- دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی پێویست بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت.**

**١-٢ دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی پێویست بۆ فەرمانبەرانی کەرتی میری لە بوارە گشتی یەکان**

٢-١-١ کارگێری

٢-١-٢ ژمێریاری

٢-١-٣ ووردبینی

٢-١-٤ یاسایی

٢-١-٥ ئامار

٢-١-٦ بوارەکانی تر ( کۆمپیوتر ، زمان ، پەیوەندیە گشتیەکان و ... هتد )

**٢-٢ دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی پێویست بۆ فەرمانبەرانی کەرتی میری لە بوارە تایبەتی یەکان**

**بەرزکردنەوەی ئاستی پسپۆری فەرمانبەرانی کەرتی حکومی لەم بوارانەی خوارەوە .**

٢-٢-١ پێوەرە نێودەوڵەتی یەکان.

ئاشنا بوون لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتیەکان کە بۆ هەڵسەگاندنی بارودۆخی ئابووری بە گشتی و بارودۆخی بازرگانی وپیشەسازی بەتایبەت بەکاردێت بۆ نموونە ISIC[١] ، GDP ، CIPI[٢] , CPCpro[٣] . PPP[٤] ، MVA[٥]

٢-٢-٢ یاسا ورێنمایی یە ناوخۆییەکان پەیرەو کراو لە هەرێم .

٢-٢-٣ چۆنییەتی توێژینەوە و بەدواداچوونی پڕۆژەکان.

٢-٢-٤ بابەتەکانی بازرگانی دەرەوە وەکو INCOTERMS[6] ، LC[٧] ، Proforma Invoice[٨] و ..... هتد

پێناسەی بنەماکان و زاراوانەی کە بە کارهاتوون لە ئالۆگۆڕی بازرگانی دەرەوە و چۆنییەتی بەکار هێنانیان .

٢-٢-٥ گومرگ و پێناسەکانی.

٢-٢-٦ رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی WTO[٩]

٢-٢-٧ رێنماییە بانکی یەکان.

### ٢-٣ دانانی بەرنامەی ڕاهێنانی پێویست بۆ فەرمانبەران و کرێکارانی کەرتی تایبەت لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

بەرزکردنەوەی ئاستی پسپۆری بۆ فەرمانبەران وکرێکارانی کەرتی تایبەت بۆ تێپەڕاندنی کارەکانیان بە شێوەیەکی سەردەم .

٢-٣-١ بەڕێوەبردنی پڕۆژە.

---

[1] : *پۆلینی نیودەولەتی بۆ چالاکییە پیشەسازییەکان* (International Standard for Industrial Classification)

[2] : *پێوەری کێبڕکێ لە کردەوەی پیشەسازی* (Competitive Industrial Performance Index)

[3] : *پۆلینی کاتی بۆ بەرهەمە سەرەکییەکان* (Provisional Central Products Classification)

[4] : *هاوکێش کردنی توانای کڕین* (Purchasing Power Parity)

[5] : *بەهای سەربار لە بەرهەم هێنان* (Manufacturing Value Added)

[6] : *زاراوەکانی بازرگانی نیودەولەتی* (International Commerce Terms)

[7] : (Letter of Credit) *بە ئەستۆگرتنی سەرف کردنی پارەیەکی دیاریکراو لەلایەن بەنك بە گوێرەی بەلگەیەکی فەرمی لە سەر داواکاری کڕیار بە مەبەستی دلنیاکردنی فروشیار لە ولاتیکی تر بۆ وەرگرتنی پارەکەی پاش جێبەجی کردنی مەرجەکانی دەست نیشان کراو لە گرێبەستی نێوانیان*

[8] : *بەلگەیەك لەلایەن فروشیار دەدرێتە کڕیار و تایبەتمەندییەکان ، بەها ، مەرجەکانی فروشتنی کەل و پەل تێدا دیارکراوە و بنەمای دەرکردنی LC لەلایەن بەنکە*

[9] : *رێکخراوی بازرگانی جیهانی* (World Trade Organization)

٢-٣-٢ داتا و زانیاری یەکان.

(چۆنیەتی کۆکردنەوە ، داخل کردنی ئەلیکترونی ، توێژینەوە و شیکردنەوە )

٢-٣-٣ بازاڕکاری و وەبازاڕخستن.

٢-٣-٤ ئاراستەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی.

ئاشنا بوون لەگەڵ ئاراستەکانی بازرگانی نێودەوڵەتی وەکو ( GATT[١] ، INCOTERMS ، ETS[2] و ... هتد)

٢-٣-٥ ئاراستەکانی گواستنەوەی نێودەوڵەتی.

٢-٣-٦ سودوەرگرتن بەشێوەیەکی ئابووریانە لە ووزە.

٢-٣-٧ پاراستنی ژینگە.

٢-٣-٨ کێبڕکێ.

٢-٣-٩ هاوردە و هەناردە.

ئاشنا بوون بەزاراوەکانی بە کارهێنراو و ڕێگا وشێوازەکانی هاوردەکردن وهەناردەکردن و یاسا و ڕێنماییەکانی پەیوەندیدار

٢-٣-١٠ ڕێککارە یاساییە ناوخۆییەکانی پەیڕەو کراو لە هەرێم .

٢-٣-١١ پاراستنی پیشەیی.

## ٣- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بۆ جێبەجی کردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان

دانانی پلانی پێویست وبەرنامەکانی ڕاهێنان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی ڕاهێنەر .

٣-١ وەزارەتی پلان دانان.

٣-٢ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان.

٣-٣ ڕێکخراوە ناحکومییەکان (NGO , UNIDO , AGAF)

٣-٤ ژوورە بازرگانی و پیشەسازییەکانی هەرێم

---

[1]: *ڕەزامەندی گشتی لە سەر پێناسە گومرکییەکان و بازرگانی* (General Agreement on Tariffs and Trade)

[2]: *سیستەمی بازرگانی ئەورووپی* (European Trade System)

### ٤- دابینکردنی کورسی خوێندن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات و ڕەخساندنی دەرفەتی زانستی بۆ فەرمانبەرانی وەزارەت

#### ٤-١ سود وەرگرتن لە ڕێکەوتن نامەکانی نێودەوڵەتی.

بو دابین کردنی دەرفەتی خوێندن وخولانی فێربوون لە بوارەکانی پیشەسازی وبازرگانی .

#### ٤-٢ هەمانگی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی.

بەمەبەستی دابین کردنی کورسی خوێندن لە دەرەوەی وڵات ولە زانکۆکانی باوەرپێکراو بۆ بەرزکردنی ئاستی لێهاتوویی فەرمانبەران لە بوارەکانی پێویست .

## ٢ ) بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی تەکنیکی فەرمانبەران لە کارگەکان و کۆمپانیا ناوخۆییەکان.

ئامانجی سەرەکی ئەم سیاسەتە پێگەیاندنی هێزی کاری پێویستە بۆ کارگەکانی پیشەسازی وکۆمپانیا بازرگانییەکان کە گونجاوبێت لەگەڵ ئاستی تەکنۆلۆژی و زانستی ئەم سەردەمە وبتوانێت لە تەکنۆلۆژیا سوود وەربگرێت بەمەبەستی بەکارهینانی ئامێرەکانی پێشکەوتوو و بەرێوەبردنی ئالوگۆڕی بازرگانی .

### ١-ڕێکخستنی تایبەتمەندییەکانی هێزی کار بەپێی ڕادەی لێهاتوویی و ئاستی خوێندەواری لە کەرتی تایبەت.

کۆکردنەوەی زانیاری پێویست لە بوارەکانی ژمارەی هێزی کار ، جۆری پسپۆری ، ڕادەی لێهاتوویی ، ئاستی خوێندەواری ، ڕەگەز ، تەمەن وزانیاریەکانی گشتی لە ڕێگای ڕوپێوی مەیدانی کارگەکان وکۆمپانیەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

#### ١-١ : ڕوپێوی هێزی کار لە کارگەکانی کەرتی تایبەت لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

#### ١-٢ : ڕوپێوی هێزی کار لە کۆمپانیا بازرگانییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

### ٢- دیاریکردنی هێزی کاری پێویست لە کەرتەکانی بازرگانی و پیشەسازی .

دیاریکردنی هێزی کاری پێویست بە گوێرەی پسپۆری ، ڕادەی لێهاتوویی وئاستی خوێندەواری بە پێی پلانی گەشەپێدانی کەرتە پیشەسازییەکان وبوارە بازرگانییەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو .

#### ٢-١ : پیشەسازی

#### ٢-٢ : بازرگانی

## ٣- هەماهەنگی کردن لەگەڵ ناوەندەکانی ڕاهێنان بۆ دانانی بەرنامەکانی ئامادەکردنی هێزی کار بە مەبەستی پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کەرتی بازرگانی و پیشەسازی.

هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پێ گەیاندنی هێزی کاری شارەزا لە بوارەکانی بازرگانی وپیشەسازی بە پێی ئەنجامەکانی بەرنامەکانی خالی ( ١، ٢) ئەم سیاسەتە .

### ٣-١: هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە بۆ دانانی بەرنامەی پێویست لە ئامادەییە پیشەییەکان.

بۆ هەموارکردنی بەرنامەکانی خویندن لە ئامادەپیشەسازییەکان بە پیێ جۆری پسپۆری پێویست لەڕادەی پسپۆری سەرەتایی ونزم کە لە پلانی گەشەپیدانی پیشەسازی وبازرگانی دیار کراوە .

### ٣-٢: هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی بۆ دانانی بەرنامەی پێویست لە کۆلێژ و پەیمانگاکان.

بەمەبەستی هەموارکردنی بەرنامەکانی خوێندن بۆ پێ گەیاندنی هێزی کار لە پسپۆری تەکنیککار ، ئەندازیار ودەرچوویی کارگێری ، دارایی وبازرگانی کە بتوانێت بۆشایی ئێستای هێزی کار لەم ئاستە پربکەنەوە و بەپێی پلانی گەشەپیدانی پیشەسازی وبازرگانی .

### ٣-٣: هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی بۆ دانانی خولەکانی پێویست لە ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی.

بەمەبەستی پێگەیاندنی کرێکاری پێویست بۆکارگەکانی پیشەسازی وخزمەتگوزاری پیشەییەکان بە پێی جۆری پسپۆری پێویست ولەڕادەی پسپۆری نزم هەتا مامناوەندی بە پێی پلانی گەشەپیدانی پیشەسازی .

## ٤- دروستکردن و پەرەپێدانی ناوەندەکانی ڕاهێنان بۆ فەمانبەران و کرێکارانی پیشەسازی.

### ٤-١: دروستکردنی ناوەندێکی پسپۆڕی لەبوارە تایبەتەکان بۆ ڕاهێنانی کرێکار لە پیشەسازی.

بۆ بەرزکردنی ئاستی لێهاتویی کرێکارانی کارگەکانی پیشەسازی وخزمەتگوزاری پیشەییەکان بەپێی پسپۆری پێویست بە مەبەستی بەکارهینانی ئامێرەکانی پیشکەوتوو وسوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم وبەرزکردنی ڕادەیی پسپۆریان لە ڕێگای دانانی خولانی فێربوون لە بوارەکانی پەیوندیدار بە پیشەسازی .

### ٤-٢: هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی بۆ پەرەپێدانی ناوەندەکانی ڕاهێنان.

بەمەبەستی پێگەیاندنی هێزی کار پێویست بۆ کارگەکانی پیشەسازی وخزمەتگوزاری پیشەییەکان بە پێی پسپۆری پێویست لە ڕادەی پسپۆری نزم هەتا مامناوەندی ، تاقیکردنەوەی کرێکاران وپێدانی بڕوانامەی لێهاتویی بە پێی ڕادەیی پسپۆری پێ یان .

### ٤-٣ : هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بۆ دابینکردنی پسپۆڕ لە ناوەندەکان.

بەمەبەستی پێ گەیاندنی ڕاهێنەری پێویست بۆ ناوەندەکانی پێ گەیاندنی هێزی کار بۆ کەرتی پیشەسازی و بازرگانی .

### ٤-٤ : هەماهەنگی کردن لەگەڵ لایەنە ناحکومییەکانی پسپۆڕ لە پیشەسازی .

سوود وەرگرتن لە پسپۆرانی کارگەکانی کەرتی تایبەت وە پسپۆرانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دابین کردنی ڕاهێنەر بۆ دانانی خولانی فێربوون لە بابەتە پسپۆرییەکانی پێویست .

### ٤-٥ : هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکێتییەکان و ژوورە بازرگانییەکان .

بەمەبەستی دانانی شێوازێك بۆ پێشکەش کردنی ئاسانکاری و یارمەتی بەشداربوان لە خولانی پێگەیاندنی هێزی کار و دابین کردنی شوێنی کار بۆیان .

## ٥- دانانی خولەکانی ڕاهێنان لە کارگەکانی کەرتی تایبەت.

### ٥-١ : دانانی خولەکانی تایبەت لە کارگەکان بۆ پێگەیاندنی کرێکارانی نوێ .

سوود وەرگرتن لە توانایی کارگەکان و کرێکارانی پسپۆریان بۆ پێ گەیاندنی هێزی کار لە ڕێگای کارکردن و فێربوونیان لەو کارگانە .

### ٥-٢ : دانانی خولەکانی ڕاهێنان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کارکردن و لێهاتوویان .

دانانی خولانی فێربوون لە کارگەکان بۆ بەرز کردنی ئاستی کارکردن و لێهاتوویی کرێکارانی ئەو کارگانە بە پێی ئەو پسپۆرییانەی کە پێویستن .

**بەشی چوارەم :**

***بەرنامەکان وسیاسەتەکانی پەیوەندیدار بە ئامانجی سێیەم***

# ئامادەکردنی ژێرخانێکی بازرگانی و پیشەسازی بەرفراوان و بەردەوام

## ١) سوودوەرگرتن بە باشترین شێوە لە سەرچاوە سروشتی یەکانی هەرێمی کوردستان.

سوودوەرگرتن لە کەرەستەی خاوی هەبوو لە هەرێم و چۆنییەتی بەکارهێنانیان لە بوارەکانی جۆراوجۆری پیشەسازی .

### ١-١: ڕوپێوی مەیدانی بۆ کەرەستەی خاوی سروشتی.

کۆکردنەوەی زانیارییەکانی پێویست لە کەرەستەی خاوی سروشتی هەبوو لە هەرێمی کوردستان ، دیاری کردنی تایبەتمەندیەکان و شێوازی سوود وەرگرتن لێ یان لە ڕێگای ڕوپێوی مەیدانی و وەرگرتنی زانیارییەکانی پێویست لە مەسحی جیۆلۆجی و وەزارەتی کشتوکاڵ .

### ١-٢: ئامادەکردنی ئەتڵەسی کەرەستەی خاو لە هەرێم .

ئامادە کردنی سێ ئەتڵەسی جیاواز لە بوارەکانی کەرەستەی خاوی کانزایی ، کشتوکاڵی و دارستانی و دیارکردنی شوێنی دۆزینەوەیان وبڕی یەدەگی هەبوو .

### ١-٣: دەستنیشانکردنی ئەو کەرەستە خاوانەی کە سودیان لێ وەردەگیرێت و کارکردن بۆ پەرەپێدانیان .

پێناسە کردنی ئەو کەرەستە خاوە سروشتیانەی کە لە پیشەسازی سوودیان لێ وەردەگیرێت و کارکردن بۆ فراوانکردنی چۆنییەتی بەکارهێنانیان .

### ١-٤: دانانی بەرنامە بۆ سودوەرگرتن لەو کەرەستەخاوانەی کە تاکو ئێستا بەکارنەهێنراون .

دیاریکردنی شێوازی سوود وەرگرتن لەو کەرەستە خاوانە کە تا ئێستا بەکار نەهێنراون و دانانی پلان بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی بۆ سوود وەرگرتن لێ یان .

### ١-٥: ڕێگەگرتن لە هەناردەکردنی کەرەستەی خاو بەپێی توانا .

کارکردن بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی بۆ زیادکردنی بەهای سەربار و هەناردەکردنیان بۆ بازاڕی ناوخۆ و دەرەوە .

## ٢ ) دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی کەرتە جۆراوجۆرەکانی پیشەسازی

### ٢-١: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی خۆراك

بە پێی خشتەی (٢) لە بەشی (٨)ی ئەم پلانە ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕی بەرهەمی کارگەکانی پیشەسازی خۆراك لە هەرێمی کوردستان توانیویانە نزیکەی ٤٥٪ پێداویستیەکانی هەرێمی دابین کردووە. ئامانجی سەرەکی پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە ، دانانی بەرنامەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی ٧٠٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ بەرهەمە خۆراکییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

### ٢-٢: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی بینا

بە پێی خشتەی (٣) لە بەشی (٨)ی ئەم پلانە ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕی بەرهەمی کارگەکانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان توانیویانە نزیکەی ٦٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ کەرەستەی خاوی بیناسازی دابین بکەن. ئامانجی سەرەکی پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە ، دانانی بەرنامەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی ٨٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

### ٢-٣: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی کیمیاوی

بە پێی خشتەی (٤) لە بەشی (٨)ی ئەم پلانە ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕی بەرهەمی کارگەکانی بەرهەم هێنانی مەوادی کیمیاوی لە هەرێمی کوردستان توانیویانە کەمتر لە ١٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە دابین بکەن. ئامانجی سەرەکی پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە ، دانانی بەرنامەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی ٤٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ بەرهەمە کیمیاوییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

### ٢-٤: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی کاغەز

بە پێی خشتەی (٥) لە بەشی (٨)ی ئەم پلانە ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕی بەرهەمی کارگەکانی پەیوەندیدار بە پیشەسازی کاغەز لە هەرێمی کوردستان توانیویانە نزیکەی ٢٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە دابین بکەن. ئامانجی سەرەکی پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە ، دانانی بەرنامەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی ٥٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ بەرهەمە کاغەزییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

### ٢-٥: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی فلزییەکان

بە پێی خشتەی (٦) لە بەشی (٨)ی ئەم پلانە ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕی بەرهەمی کارگەکانی پەیوەندیدار بە پیشەسازی فلزییەکان لە هەرێمی کوردستان توانیویانە نزیکەی ٤٠٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە دابین بکەن. ئامانجی سەرەکی پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە ، دانانی بەرنامەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی ٦٥٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ بەرهەمە فلزییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

### ٢-٦: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازی پلاستیکییەکان

بە پێی خشتەی (٧) لە بەشی (٨)ی ئەم پلانە ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ بڕی بەرهەمی کارگەکانی پەیوەندیدار بە پیشەسازی پلاستیکییەکان ٤٥٪ لە هەرێمی کوردستان توانیویانە نزیکەی پێداویستیەکانی هەرێم بۆ ئەم جۆرە بەرهەمانە دابین بکەن. ئامانجی سەرەکی پلانی گەشەپێدان و پەرەپێدانی ئەم کەرتە ، دانانی بەرنامەکانی پێویستە بۆ دابین کردنی ٧٠٪ پێداویستیەکانی هەرێم بۆ بەرهەمە پلاستیکییەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠.

### ٢-٧: دانانی پلان بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی پیشەسازییەکانی تر

دانانی پلان بۆ دامەزراندنی کارگەکانی پیشەسازی لە بوارەکانی پیشەسازی دووبارە بەکار هێنان ، پیشەسازی چاپ ، پیشەسازی ڕستن و چنین ... هتد .

## ٣ ) دابینکردنی دەرفەتی کار لە کەرتە بازرگانی و پیشەسازییەکان

### ٣-١: دانانی پلانی پێویست بۆ کەمکردنەوەی کرێکاری بیانی لە کەرتی پیشەسازی

لە ڕێگای پێ گەیاندنی هێزی کاری لێهاتوو لە پیشەسازی ، هاندانی هاووڵاتیان بۆ کارکردن لە کەرتی پیشەسازی لە ڕێگای دارشتنی یاساکانی پێویست بۆ بژێوی ژیانیان و دڵنیابوون لە داهاتوویان .

### ٣-٢: دانانی پلانی پێویست بۆ کەمکردنەوەی کرێکاری بیانی لە کەرتی بازرگانی

لە ڕێگای پێ گەیاندنی هێزی کاری لێهاتوو لە بازرگانی .

### ٣-٣: دانانى پلانێكى گشتگیر بۆ پاڵپشتى و پەرەپێدانى پیشەسازى دەستكردە ناوخۆییەكان

پەرەپێدانى پیشەسازییە دەست كردەكان كە لە بازاڕەكانى دەرەوە داواكاریان لە سەرە وەكو دروستكردنى مافوورى دەستكرد لە ڕێگاى دانانى خولانى تایبەت بۆ پێ گەیاندنى هێزى كار لەم بوارەدا ، یارمەتى دان لە ڕێگاى دابین كردنى ئامێر و ئامراز و كەرەستەى خاوى پێویست ، دۆزینەوەى بازاڕ لە ڕێگاى یارمەتیدان بۆ بەشدارى كردن لە پێشانگاكان و پێدانى قەرز و دابین كردنى پاڵپشتى دارایى بۆیان .

### ٣-٤: دانانى پلان بۆ پاڵپشتى و پەرەپێدانى چالاكییە پیشەییەكان

دیاریكردنى پێداویستیەكانى هەرێم لەم بوارەدا و پێ گەیاندنى هێزى كارى پێویست و پێدانى یارمەتى دارایى و قەرز بۆیان بۆ دامەزراندنى پرۆژەكان لەم بوارەدا .

### ٣-٥: دانانى پلان بۆ پاڵپشتى و دامەزراندنى پرۆژەى بازرگانى و پیشەسازى لە گوند و شارەدێكان

دیاریكردنى پرۆژەكانى بچووك بۆ گوند و شارەدێكان كە دەتوانن لەم شوێنانە دابمەزرێت و لە هێزى كار یان كەرەستەى خاوى ئەو ناوچانە سوود وەربگیرێت وە یان خزمەتگوزارى پێویست پێشكەشى دانیشتوان بكات . بۆ نموونە ، دانانى كارگەكانى بچووك بۆ ووشك كردنەوەى میوەجات و سەوزەوات ، كارگەكانى بچووكى بەرهەم هێنانى شیرەمەنییەكان وە ئامادەكردنى خەیارى سوێر و ترشى لە كەرتى پیشەسازى ، دامەزراندنى كارگەكانى بچووكى مافوورى دەستكرد لە كەرتى پیشەسازى دەستییەكان و دانانى پرۆژەكانى پیشەیى وەكو ئاسنگەرى ، دارتاشى ، چاككردەوەى كەل و پەلى كارەبایى لە كەرتى خزمەتگوزارى پیشەییەكان.

## ٤) ڕەخساندنى ژێرخانێكى گشتگیر و گونجاو بۆ وەبەرهێنان

### ٤-١: چاوپێخشاندن بە یاساى گەشەپێدانى پیشەسازى و هاوتاكردنى لەگەڵ یاساى وەبەرهێنانى هەرێم .

چاوپێخشاندن بە یاسا و ڕێنماییەكانى گەشەپێدانى پیشەسازى بە تایبەت نوێكردنەوە و هاوتا كردنى یاساكانى ژمارە ٢٠ لەساڵى ١٩٩١ و ژمارە ٢٥ لە ساڵى ١٩٩٨ و هەروەها ڕێنماییەكانى پەیوەندیدار بەم دوو یاسایە بە جۆرێك هاندانێك بێت بۆ ڕاكێشانى وەبەرهێنەر .

### ٤-٢: دانانى بنچینەو ڕێنمایى و هاوكۆلكەى پێویست بۆ دیاریكردنى ڕووبەرى زەوى لە پرۆژە پیشەسازییەكان

بۆ سوود وەرگرتن بە باشترین شێوە لە ڕووبەرى زەوى پێویست و یەكسان كردنى شێوازى تەرخان كردنى زەوى ، پێویستە ڕووبەرى زەوى پێویست بۆ هەرجورە چالاكییە پیشەسازییەكان بە پێى یەكەى بەرهەم و تواناى بەرهەمى ساڵانە دیارى بكرێت .

### ٤-٣: دیاریکردنی زەوی پێویست بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان بەپێی پلانی گەشەپێدانی کەرتەکان .

دیاریکردنی زەوی پێویست بۆ هەریەك لە کەرتە پیشەسازییەکان بە پێی ئەنجامەکانی بەرنامەی ٤-٢ و سیاسەتی ٢ ی ئەم پلانە و چۆنییەتی دابین کردنی زەوی و ژێرخانی پێویست بە پێی بەرنامەیەکی ساڵانە .

### ٤-٤: دیاریکرنی ووزەی کارەبای پێویست بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان بەپێی پلانی گەشەپێدانی کەرتەکان.

توێژینەوەی ووزەی کارەبای بەکار هاتوو لە پیشەسازی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ و دیاریکردنی ووزەی پێویست بە پێی پلانی گەشەپێدانی پیشەسازی لە سیاسەتی ٢ی ئەم پلانە و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارتی کارەبا بۆ دابین کردنی ووزەی کارەبای پێویست بە پێی بەرنامەیەکی ساڵانە .

### ٤-٥: دیاریکردنی بڕی ئاوی پێویست بۆ پرۆژە پیشەسازییەکان بەپێی پلانی گەشەپێدانی کەرتەکان .

توێژینەوەی ئاوی بەکارهاتوو لە پیشەسازی لە ساڵی ٢٠١٢ و دیاریکردنی بڕی پێویست بە پێی پلانی گەشەپێدانی پیشەسازی لە سیاسەتی ٢ و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو بۆ دابین کردنی ئاوی پێویست بە پێی بەرنامەیەکی ساڵانە .

### ٤-٦: دانانی ماستەرپلانێك بۆ دامەزراندنی ناوچەکانی پیشەسازی بەپێی پلانی گەشەپێدانی کەرتەکان .

ئەم ماستەر پلانە شوێنەکانی گونجاوە بۆ دامەزراندنی ناوچە پیشەسازییەکان و جۆریەتی کارگەکانی لە هەریەکێکیان بە پێی چالاکییەکان دیار دەکات و پێویستە ئەم ماستەر پلانە بە پێی توێژینەوەیەکی زانستی (ئەندازیاری پلانی شارستانی) ئەنجام بدرێت بە هەماهەنگی لەگەڵا پسپۆران بۆ دیاری کردنی ئاراستەی با و چۆنییەتی لە ناوبردن یان پاڵاوتنی پاشماوە پیشەسازییەکان .

### ٤-٧: دابینکردنی تۆڕی گواستنەوەو گەیاندنی سەردەمی بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان .

هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ دابین کردنی تۆڕی ئەنتەرنێتی خێرا و تۆڕەکانی ڕاگەیاندن بە پێی پێداویستی بۆ هەریەك لە ناوچە پیشەسازییەکان .

### ٤-٨: دروستکردنی کۆگاو کۆگا ساردکەرەوەکان بە قەبارەی جۆراوجۆر لەگەڵ پێداویستییەکانیان لە ناوچە سنوورییەکان .

دروستکردنی کۆگا و کۆگای ساردکەرەوە بە مەبەستی پاراستنی کەل وپەلی هاوردە و هەناردە لە ماوەی تاقیکردنەوە و تێپەڕبوونی پرۆسەی دەرباز بوون .

### ٤-٩: دابینکرنی ئامێری کێش و ئامیری تیشکی ئیکس و ئاراستەی ئەلیکترۆنی بۆ بەڕێوەبردنی زانیارییەکان لە ناوچە سنوریەکان .

دابین کردنی ئامێرەکانی هەڵسەنگاندن و چاودێری لە خاڵە سنوورییەکان بە مەبەستی خێراکردنی پرۆسەی دەربازبوونی کەل وپەلی هاوردە و هەناردە وە دانانی ئاراستەی ئەلیکترۆنی بۆ داخڵ کردنی زانیارییەکانی پێویست لە بواری جۆریەتی و کێش وە وولاتی هەناردەکار و ناردراو بۆ هەر جۆرێ کەل وپەلی هاوردە و هەناردە.

### ٤-١٠ : دانانی تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری سەردەمی لەناوچە سنوریەکان .

دامەزراندنی تاقیگەکانی تاقیکردنەوەی کیمیاوی ، فیزیاوی و بایولۆجی لەسەر خاڵە سنوورییەکان بۆ تاقیکردنەوەی کەل وپەلی هاوردە و هەناردە و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ پێوانە ستانداردەکان بۆ بەخێراکردنی پرۆسەکانی دەربازبوونی کەل و پەل و کەم کردنی تێکچوو .

### ٤-١١ : دامەزراندنی کۆمپانیای دڵنیایی .

دامەزراندنی کۆمپانیای دڵنیایی نیشتمانی و جیهانی بۆ پاراستنی سەرمایەی بەرهەم هێنەر لە کاتی دامەزراندن و بەرهەم هێنان وە سەرمایەی هەناردەکاران و هاوردەکاران .

### ٤-١٢ : دامەزراندن و چالاککردنی ڕۆڵی بانکە بازرگانی و پیشەسازییەکان بۆ پاڵپشتی وەبەرهێنەر .

دامەزراندن و پەرەپێدانی ڕۆڵی بانکەکانی نیشتمانی و جیهانی لە پێدانی قەرزی پیشەسازی بۆ بەرهەم هێنەر و پاڵپشتی دارایی لە هەناردەکاران بۆ ئاسانکاری و هانداننیان .

### ٤-١٣ : چاوخشاندنەوە لە بەخشینە گومرگی و باجەکان.

هەموارکردنی یاساکان و دەرکردنی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ لێخۆش بوون لە باجەکان وەکو باجی گومرك ، باجی دەرامەت و .... هتد بۆ وبەرهێنەرەکان وهەناردەکاران .

### ٤-١٤ : دامەزراندنی ناوەندی توێژینەوە و پەرەپێدان لە بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی.

ئەم ناوەندە لە وەزارەت دادەمەزرێت بە مەبەستی توێژینەوەی ئەو بابەتانە کە دەتوانرێت وەکو هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەکنیکی وپەرەپێدانی پیشەسازی بەکاربهێنرێت وهەروەها پاڵپشتی کردن ویارمەتیدانی کارگەکانی پیشەسازی وکۆمپانیا بازرگانیەکان بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای سەردەم بۆ بەرزکردنی ئاستی کارامەییان و سوودوەرگرتن لە پسپۆران و کەسانی لێهاتووی خۆماڵی و بیانی .

## ٥ ) *هێنانەکایەی داتابەیسی ( بازرگانی و پیشەسازی ) بۆ گەیاندنی بەلایەنی پەیوەندیدار بەشێوەیەکی ئاسان*

ئەم سیاسەتە هەوڵ دەدات بۆ دانانی ئاراستەیەکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی داتا و ئامادەکردن و پاراستنی زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانی و پیشەسازی بە جۆرێك هەمووکەس بتوانێت لێی سوود وەربگرێت .

### ٥-١ : دانانی شێوازێکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی داتاکان.

داڕشتنی بەرنامەیەکی گونجاو و لە چوارچێوەی ئاراستەیەکی یەکگرتوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە کارگەکان وکۆمپانیا بازرگانییەکان .

### ٥-٢ : دانانی پلانێك بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی داتاکان بە مەبەستی وەرگرتنی زانیاری پێویست.

دانانی ئاراستەیەکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی داتاکان وئامادەکردنی زانیاری لەسەر بنەمای داتاکانی کۆکراو .

### ٥-٣ : دانانی پلانێکی گونجاو بۆ پەرەپێدانی ڕۆڵی سەنتەری زانیاری لە وەزارەت.

بەهێزکردنی ڕۆڵی سەنتەری زانیاری وەکو لایەنی بەرپرس بۆ کۆکردنەوەی هەموو راپۆرتەکان ، چالاکیەکان وزانیاریەکانی پەیوەندیدار بە وەزارەت وبەڕێوەبردنی ماڵپەری تەکنیکی وەزارەت و ..... هتد و هەناردنی راپۆرتەکانی شیکراو بۆ ناوەندی توێژینەوە و پەرەپێدان .

### ٥-٤ : هێنانەکایەی کەناڵە کردارییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

هەماهەنگی کردن لەگەڵ میدیاکان ، دەزگاکانی راگەیاندن و لایەنەکانی راگەیاندنی گشتی بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریەکانی پەیوەندیدار بە بازرگانی وپیشەسازی .

## ٦ ) *ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کارە بازرگانی یەکان لەلایەن کەسانێکی شارەزا لەم بوارەدا .*

### ٦-١ : پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕی هاوبەش لە کەرتی گشتی و تایبەتی و لایەنی پەیوەندیدار بەمەبەستی دەرکردنی ڕێنماییەکانی تایبەت بە بەڕێوەبردن و هەر کارێك لە کارە بازرگانییەکان بەپێی پسپۆڕییەکان.

ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە بریتیە لە دیاریکردنی ئەو تایبەتمەندییە پسپۆریانەی کە پێویستن بۆجیّبەجیّکردنی هەریەك لە کارە بازرگانییەکان ( هاوردە ، هەناردە ، جۆری کۆمپانیاکان و ...... هتد ) لە بۆ ئەوەی کارەکان بە باشترین شێوە ئەنجام بدرێت وهەر بازرگانێك لە بوارێك کار بکات کە لێی پسپۆر و لێهاتوو بێت .

### ٦-٢: پێکهێنانی لیژنەیەکی پسپۆڕ بۆ ڕێکخستن و گونجاندنی ڕێنماییەکان و ڕێگاکانی جێبەجێ کردنیان بەپێی سیاسەتی بازرگانی.

بۆ هاوتاکردن وڕێکخستنی ئەو ڕێنماییانە کە بەمەبەستی جێبەجێکردنی چالاکییە بازرگانییەکان لەلایەن دامەزراوە حکومیە جۆراوجۆرەکان دەردەچێت وەکو خۆشبوون لە باجەکان ، پێناسەی گومرگی ئامێرو ئامراز، مۆڵەتی هەناردە و هاوردە ،جیاکارییەکان و .....هتد .

## ٧ ) دانانی ئاراستەیەکی پێناسەی گومرگی کراوە و کەم کردنەوەی جیاکارییەکان

بۆ ڕێکخستنی چالاکییە بازرگانییەکان پێویستە ئاراستەیەکی ڕوون بۆ دیاری کردنی پێناسە گومرگییەکان دابنرێت و هەوڵ بدرێت بۆ کەم کردنەوەی جیاکارییەکان .

### ٧-١: پێکهێنانی دەستەیەکی پسپۆڕی گومرگی لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ دانانی ئاراستەیەکی گومرگی و پێناسەی گومرگی و نوێکردنەوەی بەپێی پێویست .

ئەم دەستەیە تاکە لایەنی بڕیاردەرە بۆ دەرکردنی ڕێنماییەکانی سەبارەت بە کارو باری گومرگ و دیاری کردنی پێناسەی گومرگی بۆ هەرجۆرە کەل و پەلێکی هاوردە و هەناردە .

### ٧-٢: پێکهێنانی لیژنەیەك لە دەستەی پسپۆڕی گومرگی بۆ دەستنیشانکردنی جیاکارییەکان و کارکردن بۆ کەمکردنیان .

ئەم لیژنەیە لەلایەن دەستەی پسپۆڕی گومرگی پێکدەهێنرێت بە مەبەستی تاوتوێکردن و دەست نیشانکردنی جیاکارییەکان بە پێی داواکارییەکانی دامەزراوە حکوومییەکان یان پێداویستی بازاڕ کاردەکەن بۆ ڕێکخستن و کەم کردنەوەی جیاکارییەکان و ڕێکخستنیان .

## ٨) بەهێزکردنی ڕۆڵی دەزگاکانی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری

### ٨-١: دەست نیشان کردنی پێوانەستانداردەکانی پەسەندکراو لە هەرێم

پێوانە ستانداردەکانی عێراق کە لەلایەن دەستەی پێوانەسازی و کۆنترولی جۆری عێراق دارێژراوە زۆر کۆنن و ڕێکەوتی دارشتنیان دەگەریتەوە بۆ هشتاکانی سەدەی ڕابردوو. لەو ماوەیە هەتا ئیستا نویٚ نەکراون و لەگەڵ بەرەوپێچوونی تەکنۆلۆژی و بەرهەمە نوێیەکان هەموار نەکراون.

ئەم بەرنامەیە پێوانە ستانداردەکانی پەسەند کراو بۆ ئەو بەرهەمانە دیاردەکات کە تایبەتمەندییەکانیان لەگەڵ پێوانە ستانداردەکانی عێراق ناگۆنجیت بەلاّم هاوسەنگن لەگەڵ پێوانە ستانداردەکانی پەسەندکراو لە ئاستی جیهان دا.

ئەم جۆرە پێوانە ستانداردەکان لەلایەن دەستەی پێوانەسازی هەرێم و لایەنی پەیوەندیدار بە ستانداردەکە دیاری دەکرێت بە گوێرەی پێوانە ستانداردەکانی نێودەولەتیەکانی ناسراو وەکو EN[١] ، ASTM[٢] ، BS[٣] ، JIS[٤] و........هتد.

بۆ نموونە ، ئیستا لە هەرێمی کوردستان، چیمەنتۆ بە دوو تایبەتمەندی هاوسەنگ لەگەڵ پێوانەستانداردەکانی (EN 197-1 (CEM II/AL 42.5R وە BS12-96 42.5R بەرهەم دەهێنرێت. چیمەنتۆی هاوردە لە تورکیا بە پێی ستانداردەکانی BS 12-96 یان EN 197-1 بەرهەم هێنراوە و چیمەنتۆی هاوردە لە ئێران بە گوێرەی ستانداردەکانی ISIRI 389[٥] , ISIRI 3432 بەرهەم دەهێنرێت کە لەسەر بنەمای ستانداردی ASTM C595-04 و ASTM C150-04 دارێژراوە. سەرجەم ئەم پێوەرە ستانداردەکان لە جیهان پێوەرێکی پەسەندکراون ، بەلاّم ناگۆنجن لەگەڵ پێوەرە ستانداردی عێراقی بۆ چیمەنتۆ 5-1988. هاوسەنگ نەبوونی ئەم پێوەرە ستانداردەکانی نێودەوڵەتی لەگەڵ پێوانە ستانداردەکانی عێراق کیشەیەکی بەرچاو لە دام و دەزگا حکومییەکان دروست کردووە بە تایبەت لە کاتی تاقیکردنەوەی بەرهەمەکان.

پێویستە چاو پێخشاندنێك بە سەرجەم پێوەرە ستانداردەکانی عێراق بکرێت و بە پێی تەکنۆلۆژی ئیستای بەرهەم هێنان لە جیهان دا نویٚ بکرێنەوە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ئەم کارە گرنگە ، پێویستە خشتەیەك ئامادە بکرێت لە پێوانە ستانداردەکانی پەسەندکراو لەلایەن هەرێمی کوردستان بۆ هەرجۆرە بەرهەمێك.

---

[1]: *پێوانە ستانداردەکانی ئەوروپی* (European Standards)

[2]: *پێوانە ستانداردەکانی دەستەی ئەمریکی بۆ تاقیکردنەوە و مەواد* (American Society for Testing and Material)

[3]: *پێوانە ستانداردەکانی بریتانی* (British Standards)

[4]: *پێوانە ستانداردەکانی پیشەسازیی یابان* (Japan Industrial Standards)

[5]: *ئەنستیتۆی پێوانە ستانداردەکان و توێژینەوەی پیشەسازیی ئێران* (Institute of Standards and Industrial Research of Iran)

## ٨-٢: دامەزراندن و فراوانکردنی تاقیگەکانی تایبەتمەند و سەردەمی بۆ تاقیکردنەوەی بەرهەمی خۆماڵی

بەمەبەستی تاقیکردنەوەی بەرهەمی خۆمالی بە شێوەیەکی بەردەوام بە تایبەت لە بوارەکانی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرهەمی پیشەسازی وە هەروەها تاقیکردنەوەی مەوادی خاوی بەکارهاتوو لە پیشەسازی و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ پێوانە ستانداردەکان .

## ٨-٣: دانانی ڕێنمایی پێویست بۆ پێدانی مۆڵەتی دامەزراندنی تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری لەلایەن کەرتی تایبەت و پاڵپشتی کردنیان

دانانی مەرجەکانی پێویست بۆ دامەزراندنی تاقیگەکانی تاقیکردنەوەی مەواد لەلایەن کەرتی تایبەت و دیاریکردنی چۆنییەتی کارکردن ، سنووری بەرپرسیاریەتی و چاودێری کردنیان .

## ٨-٤: دامەزراندنی تاقیگەی ناوەندی بۆ سەرپەرشتیکردنی تاقیگەکانی هەبوو لە هەرێم

ئەم تاقیگەیە لەلایەن دەستەی پێوانەسازی هەرێم دادەمەزرێت و ئەرکی سەرەکی بریتیە لە چاودێری تاقیگەکانی کە لەلایەن وەزارەتەکان یان کەرتی تایبەت دامەزراوە .

## ٨-٥: پەرەپێدانی تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری هەبوو

دابین کردنی ئامێر و ئامرازی سەردەم بۆ تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری بۆ خێراترکردن و وردبوونەوە لە تاقیکردنەوەکان و زیادکردنی بوارەکانی تاقیکردنەوەیان .

## ٨-٦: چالاککردن و بەهێزکردنی ڕۆڵی دەستەی پێوانەسازی و کۆنترۆڵی جۆری لە ناوچە سنورییەکان

دامەزراندن و پەرەپێدانی تاقیگەکانی کۆنترۆڵی جۆری لە خالە سنوورییەکان بەمەبەستی تاقیکردنەوەی بەرهەمی هاوردە و هەناردە و هەڵسەنگاندنیان لەگەڵ پێوانە ستانداردەکان وە زیادکردنی دەسەڵاتی دەستەی پێوانەسازی هەرێم لە پەسەندکردن یان ڕەتکردنەوەی کەل وپەلی هاوردە و هەناردە .

## ٨-٧: دامەزراندنی ناوەندێکی پسپۆڕ بۆ کۆنترۆڵ و پەسندکردنی یەکەکانی پێوانەکردن و کێش و ئامێرەکانی

هەموو ئامێر و ئامرازەکانی پێوانەکردن و هەڵسەنگاندن دەبێت بە شێوەیەکی نۆرەیی کۆنترۆڵ بکرێت و لە کاتی پێویست مرێس بکریتەوە. ئەم پرۆسەیە بە ووشەی **Calibration** ناسراوە. بە واتایەکی تر ، **Calibration** دانانی سیستەمێکی کارتێکەرە بە مەبەستی پشکنینی سەرراستی وە وردبوونەوەی ئامێرەکانی تاقیکردنەوە و ئامرازی پێوانەکردن بۆ دڵنیابوون لە هاوسەنگ بوونی تاقیکردنەوەکان و پێوانەکردن لەگەڵ ستاندارەکانی جیهانی.

کۆنترۆڵ و مرێس کردنی ئامێر و ئامرازەکان دەبێت لەلایەن ناوەندێکی پسپۆر و تایبەت بەم کارە ئەنجام بدرێت. ئەم ناوەندە لە ژێر دەسەڵاتی دەستەی پێوانەسازی هەرێم دادەمەزرێت وئەرکی سەرەکی ئەم ناوەندە چاودێری و ڕێك وپێك کردنی ئامێرەکانی تاقیکردنەوەی تاقیگەکان وە هەروەها چاودێری و یەك چەشن کردنی یەکەکانی پێوانەکردن وە کێش لە بازاڕ .

### ٨-٨: دانانی ڕێنمایی پێویست بۆ بەدەستهێنانی نیشانە ستاندارد و پەسەندکردنی بەرهەمی خۆماڵی

هەبوونی نیشانەی ستاندارد لەسەر هەر بەرهەمێك پیشاندەری هاوتا بوونی تایبەتمەندییەکانی ئەو بەرهەمەیە لەگەڵ پێوانە ستانداردەکان و دووپات دەکاتەوە کە ئەو بەرهەمە بە بەردەوامی لە ژێر تاقیکردن و چاودێرییە . دانانی ڕێنماییەك پێویستە بۆ چۆنییەتی پێدانی ئەم نیشانەیە بۆ بەرهەمی خۆماڵییەکان وە هەروەها مەرجەکانی پێویست بۆ بەرهەمێك تاوەکو ڕەوانەی بازاڕ بکرێت .

### ٨-٩: دەستنیشانکردنی ئەوبەرهەمانەی کە پێویستە نیشانەی ستانداردی هەبێت و زیادکردنیان بەگوێرەی پێویست

دەست نیشان کردنی ئەو بەرهەمانە کە وەرگرتنی نیشانە ستانداردەکان بۆیان سەپێندراوە بە تایبەت لە هەندێك بەرهەمی خۆراك کە دەبێت بەبەردەوام لە ژێر چاودێری و تاقیکردنەوە دابێت .

## ٩) پێشخستنی هۆکارەکان بۆ زیادکرنی هەناردە و پاڵپشتی کردن لە هەناردەکاران

ڕێژەی بەهای هەناردە کەمتر لە ١٪ بەهای هاوردەیە لە بابەتەکانی جیا لە بەرهەمە پترۆڵییەکان وهاوسەنگی ئابووری نێوان هاوردە وهەناردە نییە . بەرنامەکانی پەیوەندیدار بەم سیاسەتە هەوڵ دەدات کە ئەم دوو بەهایە لە یەك نزیك بکاتەوە ولە ماوەیەکی (١٠) ساڵە بری هاوردە کەم بکرێت وبری هەناردە زیاد بکرێت بە جۆرێك ڕێژەی بەهای هەناردە بگاتە ٢٠٪ بەهای بازرگانی دەرەوە .

### ٩-١: دانانی ڕێنمایی پێویست بۆ هەناردەکردنی ئەوکەرەستە خاوانەی کە دەتوانرێت بەهای سەرباری زیاد بکرێت

لە ڕێگای دانانی ڕێنمایی و ڕێککارەکان بۆ ئەو کەرەستانە و هاندان و ئاسانکاری دارایی و تەکنیکی بۆ دامەزراندنی ئەو کارگانە کە دەتوانن ئەم کەرەستە خاوانە بە بەرهەمی ناسراو وە یان کەرەستەی خاو بەشێوەیەکی تر بگۆردرێ و بەهای سەرباری زیاد بکەن .

### ٩-٢: دەستنیشانکردن و چالاك کردنی خاڵەکانی پەیوەندیدار بە هەناردەکاری لە ڕێکەوتننامە بازرگانییەکان

ڕەچاوکردنی هاوسەنگی ئابووری لە نێوان هەناردە وهاوردە لە ڕێکەوتنامە بازرگانییەکان لە نێوان هەرێم و ئەو وڵاتانە کە داوای بەشداری کردن لە چالاکییەکانی بازرگانی وبەرهەم هێنان لە هەرێم دەکەن .

### ٩-٣: دامەزراندنی ناوەندێکی ڕاوێژکاری لەنێوان کەرتی میری و کەرتی تایبەت بۆ پاڵپشتی بەرهەمهێنەرەکان بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتوویی و زیادکردنی بەرهەم وهاوتاکردنی لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان

لێژنەی سەرەکی ئەم ناوەندە ڕاوێژکارییە لەلایەن وەزارەتەکان وە ژوورەکانی بازرگانی وپیشەسازی دەست نیشان دەکرێت ولە هەریەك لە بوارەکانی پەیوەندیدار بە کەرتە پیشەسازییەکان ، لیژنەیەکی لاوەکی لەپسپۆرانی ئەو بوارە پێك دەهێنرێت . ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنەیە بریتیە لە پاڵپشتی تەکنیکی و یارمەتی ڕاوێژکاری بۆ بەرزکردنی ئاستی لێهاتوویی بەرهەم هێنەر لە بوارەکانی هێزی کار ، تەکنەلۆژیا وپرۆسەی بەرهەم هێنان بۆ زیادکرنی بری بەرهەمی ساڵ بە پێی توانا ، بەرزکردنەوەی ڕێژەی کارامەیی و هاوتاکردنی تایبەتمەندییەکانی بەرهەم لەگەڵ پێوانە ستانداردەکان .

### ٩-٤: دانانی پلانی کار بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری پێویست بۆ هەناردەکاران بەمەبەستی پیشاندانی بەرهەمەکانیان لە پێشەنگا نێودەوڵەتییەکان

دابین کردنی دەرفەت و دەرگاکانی هەناردەکردن لە ڕێگای ئاسانکاری دیپلۆماسی ، دارایی و تەکنیکی بۆ هەناردەکاران بەمەبەستی بەشداری کردنیان لە پێشانگا نێودەوڵەتیەکان لە چوار چێوەی ڕێککەوتنامە بازرگانیەکان .

### ٩-٥: هەماهەنگیکردن لەگەڵ نوێنەرایەتی هەرێم لە باڵوێزخانەکانی عێراق بۆ پێشکەشکردنی ئاسانکاری بازرگانی بۆ هەناردەکاران.

چاوخشاندنەوە بە ئەرکەکانی نوێنەرانی هەرێم لە باڵوێزخانەکانی عێراق وەچالاك کردنیان وەکو لایەنێکی پشتگیر بۆ هەناردەکاران لە بوارەکانی بازرگانی ، دادوەری ، دارایی ، بەنکی و ......هتد .

### ٩-٦: دامەزراندنی سندوقی قەرز بۆ پاڵپشتی هەناردەکاران.

دامەزراندی سندوقی قەرزی هەناردەکاری ودانانی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ ئەو هەناردەکارانە کە گرێبەستی باوەڕپێکراو بۆ هەناردەکردنی کەل وپەل یان خزمەت گوزاریان هەیە .

### ٩-٧: دانانی ڕێنماییەکانی پێویست بۆ دەستنیشانکردنی شوێنی گونجاو لە شوێنە گەشتیارییەکان بۆ فرۆشتنی بەرهەمی دەستکردی خۆماڵی.

پێویستە ئەم شوێنانە لە شوێنیکی گەشتیاری دابمەزرێت بە پێی مەرجەکانی دامەزراندن ، بەرێوەبردن وئاڵۆگۆڕی بازرگانی دیارکراو لە ڕێنماییەکان وە لەلایەن حکومەت ئاسانکاری وپاڵپشتی دارایی یان بۆ بکرێت لە کاتی دامەزراندن و بەرێوەبردن .

## ١٠) دامەزراندنی ناوچە ئابووری یە تایبەتی یەکان

### ١٠-١ : دانانی ماستەر پلانێك بۆ دامەزراندنی ناوچەکانی بازرگانی ئازاد.

دەست نیشان کردنی شوێنەکانی گونجاو بۆ دامەزراندنی ناوچەکانی بازرگانی ئازاد وئامادەکردنی ماستەر پلانێك بۆ دیاریکردنیان .

### ١٠-٢ : دانانی ماستەر پلانێك بۆ دامەزراندنی ناوچەی پیشەسازی رێکخراوەکان.

دەست نیشان کردنی شوێنەکانی گونجاو بۆ دامەزراندنی ناوچەکانی پیشەسازی رێکخراو و ئامادەکردنی ماستەر پلانێك بۆ دیاریکردنی شوێن و ڕووبەر و جۆرە چالاکییەکانی گونجاو لە هەر یەك .

## ١١) بەهێزکردن و زیادکردنی توانای کێبڕکێ بۆ بەرهەمە خۆماڵییەکان.

سێ هۆکاری سەرەکی بۆ زیاد کردنی توانای کێبڕکێ لە بەرهەمی خۆمالی بریتی یە لە :

